# سیناریۆکانی گەشبینیی ئۆپێک بۆ داهاتووی نەوت تاوەکو 2050

25-09-2024

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە** : ڕۆژی 24ی ئەیلوول 2024 لە ریو دی جانیرۆی بەڕازیل-ەوە ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت "ئۆپێک" ڕاپۆرتی ساڵانەی "ئاسۆی نەوتی جیهان - 2050"یان بڵاوکردەوە، بەپێی ڕاپۆرتەکە گەشبینییەکی گەورە بۆ داهاتووی نەوت لە ڕووی زیادبوونی خواست و دابینکردنی لەلایەن وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتەوە دەبینرێت، سەرەڕای زیادبوونی ناسەقامگیرییەکان لە ڕووە جیاوازەکانەوە.

ڕۆژی 24ی ئەیلوول 2024 لە ریو دی جانیرۆی بەڕازیل-ەوە ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت "ئۆپێک" ڕاپۆرتی ساڵانەی "ئاسۆی نەوتی جیهان - 2050"یان بڵاوکردەوە، بەپێی ڕاپۆرتەکە گەشبینییەکی گەورە بۆ داهاتووی نەوت لە ڕووی زیادبوونی خواست و دابینکردنی لەلایەن وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتەوە دەبینرێت، سەرەڕای زیادبوونی ناسەقامگیرییەکان لە ڕووە جیاوازەکانەوە.

لە ڕاپۆرتە 290 لاپەڕەیەکەدا بە پشتبەستن بە سێ بنەمای سەرەکی و لە سێ سیناریۆی جیاوازدا بازاڕی خواست و خستنەڕووی بۆ هەموو جۆرەکانی وزە ڕوون کردووەتەوە، بەڵام فۆکووسی هەر پەرەگرافێک زیاتر لەسەر داهاتووی نەوتە، بەتایبەتیش دوای بڵاوکراوەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە لەبارەی وزە باوەکان و نەوتەوە. بەپێچەوانەی پێشبینییەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە بۆ داهاتووی نەوت، ڕێکخراوی ئۆپێک ئاماژە بەوە دەکات، کە خواست بۆ وزە بە ڕێژەی 24% تاوەکو 2050 زیاتر دەکات، کە ئەمەش لە دەرەوەی وڵاتانی ڕێکخراوی گەشەپێدانی و هاوکاری ئابوورییەوە OECDیە، کە هیندستان و چین دوو پایەی سەرەکی زیادبوونی ئەم خواستەیە پێکدەهێنن، بەشێوەیەک تاکە جۆری وزە لە ماوەی 25 ساڵی داهاتوودا خواستی لەسەر کەمدەبێتەوە خەڵوزە، لەکاتێکدا خواستی ڕۆژانەی جیهان بۆ نەوت دەگاتە 120 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا. لێرەدا بە پشتبەستن بە سیناریۆکانی ئۆپێک و بەراوردی بنەماکانی بە داتاکانی بانکی جیهانی و نەتەوەیەکگرتووەکان و سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی هەڵوەستەیەک لەسەر گەشبینییەکانی ئۆپێک بۆ داهاتووی نەوت و گۆڕانکارییەکان لە داهاتوودا دەکەین.

## بنەماکانی زیادبوونی خواست بۆ نەوت لە ساڵانی داهاتوو تاوەکو 2050

بەپێی ئۆپێک هەر سێ بنەمای زیادبوونی دانیشتووان، گەشەکردنی ئابووریی جیهان و بەشارییوونی دانیشتووانی جیهان تاوەکو 2050 وادەکات کە زیادبوونی خواست بۆ نەوت و جۆرە باوەکانی وزە نەوەکو کەمبکات، بەڵکو زیاتر بێت و پێویستی بە 17.4 تریلیۆن دۆلاری دیکە هەبێت بۆ وەبەرهێنان و لێدانی بیری نوێ و زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت. بەپێی داتاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ژمارەی دانیشتووانی هەسارەی زەوی 8.2 ملیار کەس لە 2024دا و ئەم ژمارەیە تاوەکو 2050 دەگاتە 9.7 ملیار کەس، کە لە ڕاپۆرتەکەی ئۆپێکیش ئاماژە بە هەمان ژمارە دەکات کە زۆربەی لە دەرەوەی وڵاتانی OECDوەیە.

بنەمایەکی دیکە کە کاریگەری گەورەی لەسەر زیادبوونی خواستی وزە و نەوت دەبێت، زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی شار و سەنتەری شارەکانە، کە بە پرۆسەی بەشارییوون دەناسرێت، کە ئەمەش بەپێی ئۆپێک ژمارەیان تاوەکو 2050 دەگاتە سەرروو 6.6 ملیار کەس، لەکاتێکدا بەپێی نوێترین ڕاپۆرتی بانکی جیهانی ئێستا ڕێژەی 56%یان 4.4 ملیار کەس لە شارەکان دەژین و تاوەکو 2050 ئەم ژمارەیە دەبێتە دوو هێندە، واتە زیاتر لەوەی کە ئۆپێک پێشبینی کردووە کە لە هەر 10 کەس لە هەسارەی زەوی، ئەوا 7 کەسیان لە شارەکان دەژین و ئەمەش وادەکات ڕێژەی 80%ی کۆی گەشەی بەرهەمی نێوخۆی GDP جیهان لەشارەکانەوە بەرهەمبێت. هەروەها، ئەم زیادبوونەی دانیشتووان لە سەنتەری شارەکان بەمانای زیادبوونی هێزی کار دێت، کە ژمارەیان دەگاتە 6.6ملیار کەس و نزیکەی 870 ملیۆن هێزی کاری نوێ دێتە بازاڕی کارەوە.

بنەمای سێیەمی گەشبینییەکەی ئۆپێک بۆ داهاتووی نەوت بەهۆی فراوانبوون یان قەبەبوونی ئابووری جیهانەوەیە، کە ئەمەش جیاوازە لە پێشبینییەکانی سندوقی نەختینەی جیهانی، بەشێوەیەک بەپێی ئۆپێک ساڵانە ڕێژەی 2.9% لە ئێستاوە تاوەکو 2050 ئابووری جیهان گەشە دەکات، بەڵام ئەم گەشەکردنی ئابوورییە بەشێوەیەکە، کە بە ڕێژەی 3.7% لە دەرەوەی وڵاتانی OECDوەیە و وڵاتانی ڕێکخراوی گەشەپێدان و هاوکاری ئابووری OECD بە ڕێژەی 1.6% ئابوورییەکەیان گەشە دەکات. هەروەها ئەم گەشەکردنەی ئابووریی جیهان، بەجۆرێکە کە قەبارەی ئابووری جیهان دەبێتە دوو هێندە لە 165 تریلیۆن دۆلارەوە لە 2023دا بۆ 358 تریلیۆن دۆلار لە 2050دا.

لە ڕاستیدا تەنیا لە بنەمای سێیەمدا جیاوازی لەنێوان ئۆپێک و دامەزراوەکانی دیکەی جیهان هەیە، بۆ نموونە سندووقی نەختینەی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتی ساڵانەیدا، لەبارەی گەشەی ئابووریی جیهان تاوەکو 2050 ئاماژە بەوەدەکات، کە ئابووریی جیهان بە ڕێژەی 2.4% ساڵانە زیاد دەکات، کە ئەمەش 0.5% کەمترە لەوەی ئۆپێک.

## سیناریۆکانی زیادبوونی خواست بۆ نەوت

چاوەڕواندەکرێت خواستی جیهان بۆ هەموو جۆرەکانی وزە بە ڕێژەی 24% لە ماوەی 25 ساڵی داهاتوودا زیاد بکات، کە هۆکاری سەرەکی ئەم زیادبوونەش بەهۆی وڵاتانی تازەگەشەکردووە دەبێت، لەنێویاندا هیندستان کە ڕێژەی 30% کۆی زیادبوونی خواست بۆ وزە پێکدەهێنێت. بەشێوەیەک بەپێی پێشبینییەکانی ئۆپێک بۆ خواستی ڕۆژانەی نەوت لە جیهان لە 102.2 ملیۆن بەرمیلەوە دەگاتە 120.1 ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە لە 2050دا، لەماوەی مامناوەندیشدا تاوەکو 2029 خواستی ڕۆژانەی جیهان بۆ نەوت دەگاتە 112.3 ملیۆن

بەرمیل نەوت.

ڕێکخراوەکە دوو سیناریۆی دیکەی بۆ داهاتووی نەوت خستووەتەڕوو، بەشێوەیەک لە سیناریۆی یەکەمدا کە بەستراوەتەوە بە تەکنەلۆژیاوە ئاماژە بە ڕۆڵی تەکنەلۆژیا یان پاڵنەرەکانی تەکنەلۆژیا بۆ کەمکردنەوەی دەردانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن، هەروەها گۆڕانکارییەکانی بازاڕی وزە لە رووی خواست و بەکارهێنانەوە، کەوا تەکنەلۆژیا پێشەنگی دەکات دەخاتەڕوو، کە لەم سیناریۆیەدا ئەگەر دەردانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن سنووردار بکرێت و ڕاگرتنی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما بۆ سەروو دوو پلەی سیلیزی جێبەجێ بکرێت، ئەوا خواستی جیهان بۆ نەوت ڕۆژانە لە سەروو 100 ملیۆن بەرمیل نەوتەوە جێگیر دەبێت تاوەکو 2040 و دواتر کەمدەکات بۆ 96 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، ئەمەش بەواتای جیاوازی لە خواست بۆ نەوت بە بڕی 24 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دێت، بەپێی سیناریۆی یەکەمی ئۆپێک وەکو لەسەرەوە باسکراوە.

سیناریۆی دووەم، کە بە گەشەکردنێکی دادپەروەرانە ناسێنراوە، ئاماژە بەوە دەکات کە هەبوونی ئابوورییەکی دادپەروەرانە و دابینکردنی خۆشگوزەرانێکی باشتر بۆ وڵاتانی تازەگەشەکردوو، دەبێتە هۆی زیادبوونی خواست بۆ هەموو جۆرەکانی وزە. لەم سیناریۆیەدا پێشبینیی دەکرێت تاوەکو 2030 خواستی جیهان بۆ نەوت بگاتە 115 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا و ئەم زیادبوونە بەردەوام دەبێت، تاوەکو دەگاتە 127 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، واتە لەم سیناریۆیەدا بە بڕی 2 ملیۆن بەرمیل لە 2030 و 7.1 ملیۆن بەرمیل نەوت لە 2050دا خواست بۆ نەوت زیاتر دەبێت وەک لە سیناریۆی یەکەمدا.

## کۆتایی

زیادبوونی خواست بۆ کۆی جۆرەکانی وزە جگە لە خەڵوز بە ڕێژەی جیاواز تاوەکو 2050 زیاد دەکات. بەپێی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت، وەکو ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە، ریزبەندیی یەکەم بۆ وزە نوێبووەکان (تیشکی خۆر و با)کە لەماوەی 2023-2050دا بە ڕێژەی 445% زیاد دەکات. ئەگەر ئەو وزەیەی لە وزە نوێبووەکان دێت یەکسانی بکەین بە بەرمیلێک نەوت، ئەوا بەشێوەیەکە کە لە 9.6 ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕۆژانەوە زیاد دەکات بۆ 52.4 ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕۆژانە. دووەم گەورەترین زیادبوونی خواست لەسەر جۆرەکانی وزە بۆ گازی سرووشتییە، بەشێوەیەک خواست بۆ گازی سرووشتی لەپێش نەوت دێت، لەکاتێکدا بەپێی ئۆپێک، چاوەڕواندەکرێت خواست بۆ نەوت لەو ماوەیەدا 16.7 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا زیاد بکات.

هەروەها، خواست بۆ نەوت و گاز لە جیهان بە ڕێژەی 53% بەشداری کۆی وزەی جیهان لە 2050 دەکات و نەوت بەتەنیا ڕێژەی یەک لەسەر سێ یان 29% کۆی وزەی جیهان لە 2050دا پێکدەهێنێت، ئەم پێشبینی زیادبوونی خواستە بۆ نەوت لەلایەن ئۆپێکەوە تەواو پێچەوانەی پێشبینییەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە IEA و دامەزراوەی زانیاری وزەی ئەمریکا EIA یە. هەربۆیەش لە سیناریۆی نیت زیرۆی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە IEAدا هاتووە "خواست بۆ نەوت لە 2050 دەگاتە 55 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا" کە ئەمەش ناکاتە نیوەی ئەوەی ئۆپێک لە خراپترین سیناریۆدا بۆ داهاتووی نەوت دایناوە. بڕیارە ڕۆژی 16ی مانگی داهاتوو ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە ڕاپۆرتی ساڵانەی بەناونیشانی "ئاسۆی وزەی جیهان 2024" بڵاوبکاتەوە، کە نەک تەنیا جیاواز دەبێت بەڵکو چاوەڕواندەکرێت تەواو پێچەوانەی ئەمەی ئۆپێک بێت کە بڵاوکراوەتەوە.

ئەگەر بەراوردێکیش لەنێوان ڕاپۆرتی ئەم ساڵ و ساڵی ڕابردوودا بکەین، ئەوا پێشبینییەکان بۆ خواستی نەوت ڕوو لە هەڵکشان بووە، بەشێوەیەک لە ڕاپۆرتی 2023دا خواستی جیهان بۆ نەوت لە 2030دا ڕۆژانە 102 ملیۆن بەرمیل دەبێت، بەڵام لە ڕاپۆرتی 2024دا خواستی جیهان بۆ نەوت ڕۆژانە لە 2030دا زیاد دەکات بۆ 103.1 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا. هەروەها لە دوو دەیەی داهاتوودا و لە 2045دا بەپێی ڕاپۆرتی ڕاپۆرتی ئۆپێک لە ساڵی ڕابردوو خواستی جیهان بۆ نەوت ڕۆژانە 106.1 ملیۆن بەرمیل دەبێت، بەڵام لە ڕاپۆرتی ئەمساڵدا خواستی جیهان بۆ نەوت بەرزدەبێتەوە بۆ 108.5 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.ئەم زیادبوونەی بەردەوامی خواست بۆ نەوت لە داهاتوودا لەسەر بنەماکانی گەشەکردنی ئابووری ولاتانی تازەگەشەکردوو، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بەشاربوونی دانیشتووانەوە.

سیناریۆکان لەسەر بنەمای پێشبینییەکان بۆ ژمارەی دانیشتووان، گەشەی ئابووری و زیادبوونی ژمارەی شارنشین، بەدڵنیاییەوە بەلەبەرچاوگرتنی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا، گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکی و دیمۆگرافیای جیهان. لە هەردوو دیوەکەدا ئەوەی ڕوونە کە ئاسۆی درێژخایەنی کەرتی وزە ناسەقامگیرە و هەروەکو چۆن دەرفەتی گەورە لە بەردەمدایە بەهەمان شێوە ئاڵینگاری گەورەی دێتە پێش لەسەروو هەموویانەوە ڕاگرتنی هاوسەنگی گەشەپێدانێکی بەردەوام، گەشەسەندنێکی دادپەروەرانە و دابینکردنی وزە بۆ 1 ملیار کەس لە جیهان کە هێشتا وزەی کارەبایان پێنەگەشتووە، هەموو ئەمانەش سەرەڕای گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و پێشکەوتنەکانی زێری دەستکرد، کە لەم دەیەی و دەیەی داهاتوودا کاریگەری خۆی دەکاتە سەر کۆی سیناریۆکان.

## سەرچاوەکان:

OPEC Secretariat, September 2024, World Oil Outlook 2050, Vienna, Austria, www.opec.org

World Bank Group. "Urban Development." World Bank, world Bank Group, 3 Apr. 2023, .www.worldbank.org/en/topic/urbandevelopment/overview. Accessed Sept. 23AD

United Nations Department of Economic and Social Affairs, Population Division (2024). World Population Prospects 2024: .(Summary of Results (UN DESA/POP/2024/TR/NO. 9

IEA (2023), World Energy Outlook 2023, IEA, Paris https://www.iea.org/reports/world-energy-outlook-2023, Licence: CC (BY 4.0 (report); CC BY NC SA 4.0 (Annex A